دوای ئەوەی لە جەولەی رابردوو دۆڕاندیان

ئەمشەو مانچستەر یونایتدو چێلسی، بۆ قەرەبوکردنەوە یاری دەکەن



فارس سێنارەیی

لە درێژەی یارییەکانی خولی پلە مومتازی ئینگلتەرا ئەمشەو جەولەی (٢٥)ی ئەم خولە بە ٤ یاری گرنگ دەست پێدەکات، لە کاتژمێر ١١ بەکاتی هەرێمی کوردستان یانەی مانچستەر یونایتد لە یاریگای (ئۆلترافۆرد) میوانداری یانەی واتفۆرد دەکات، مانچستەر لە پلەی یەکەمی ریزبەندی خولی ئینگلیزی دایەو واتفۆردیس لە دوا پلەکانی ریزبەندەکە دایە..

لە یارییەکی تردا یانەی چێلسی لەندەنی لەسەر یاریگای (ستامبفۆرد برید ج) میوانداری یانەی بلاکبێرن رۆفرز دەکات، جگە لەم دوو یارییە دوو یاری تریش ئەنجام دەدرێ کە تیایدا یانەی نیوکاسلو ئەستۆن ڤیلا بەیەك دەگەن، هەروەها یانەی ئیڤرتۆنو تۆتنهام لە شاری لیڤەرپوول بەیەك دەگەن.. بەهەرحاڵ واپێدەچێ ئەمشەو هەریەك لە مۆرینۆی راهێنەری چێلسیو فیرگسۆنی راهێنەری مانچستەر یوناتید بۆ ئەوە یاری بکەن تاکو قەرەبۆی ئەو دۆڕانەیان بکەنەوە کە یەکەمیان بەرامبەر لیڤەرپول بە ٢ گۆڵ دۆڕاو دووەمیشیان کە مەبەستمان شەیتانە سوورەکانە بە (٢-١) لەسەر یاریگای ئیمارات بەرامبەر تۆپچییەکانی لەندەن کە (ئەرسناڵە) لە دوا دەقەی زیادکراو بە گۆڵێکی یەکجار جوانی تیری هینری دۆڕان..

ئەمشەو یارییەکانی قۆناغی(٨)ی جامی پاتشای ئیسپانیا دەست پێدەکات

هەورین چەتۆ

ئەمشەو یارییەکانی چوونی قۆناغی (٨)ی جامی پاتشای ئیسپانیا دەست پێدەکات، کە تیایدا یانەی بەرشەلۆنە کاتژمێر (١١)ی شەو بە کاتی هەرێمی کوردستان لە یاریگای نیوکامپ میوانداری یانەی ریال سەرەقستە دەکات لە هەمان کات یانەی خیتافی لەسەر یاریگای خۆی رووبەڕووی یانەی ئۆساسۆنا دەبێتەوە، لە یاری سێیەمدا ئەمشەو یانەی ئیشبیلیە، کە ئەمساڵ ئاستێکی یەکجار بەرزی لە خولی ئیسپانیا، تاهەنوکە پێشکەش کردووە، لە نێو خاکی خۆی رووبەڕووی یانەی ریال بیتس دەبێتەوە، کە ئەمەی دواییان لە لالیگای ئیسپانیا ئەنجامەکانی یەکجار خراپەو بەدوور نازاندرێت وەرزی دادێت لە ریزی یانە پلە دووەکانی ئیسپانیادا ببیندرێت، لە یاری چوارەمدا یانەی دیپرتیڤۆ لاکارۆنیاو بەلید وەلید لە یاریگای لاکارۆنیا بەیەك دەگەن، ئەم یارییەش هەروەك سێ یارییەکەی تر لە کاتژمێر ١١ ئەنجام دەدرێ.

گرنگترین هۆکارەکانی دەرچوونی هەڵبژاردەی عێراق لە پاڵەوانێتی کەنداوی (١٨)مدا

فەرهاد ئەکرەم

جەماوەری وەرزشی عێراقو کوردستان بەتایبەتی لە چاوەڕوانییەکی زۆر دابوون، کە هەڵبژاردەی عێراق لەم پاڵەوانێتیە بتوانێت بۆ جاری چوارەم لە مێژوودا ئەم نازناوە بەدەست بهێنێت، کە توانی لە یاری یەکەم بەرامبەر هەڵبژاردەی قەتەر یارییەك ئەنجام بدات‌و سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، لە یاری دووەمیش بەرامبەر هەڵبژاردەی بەحرێن یەکسان بێت‌و، لە یاری سێیەمدا کە رووبەڕوی هەڵبژاردەی سعودیە بۆوە، کە زۆربەی راگەیاندنەکان باسیان دەکرد کە ئەم یارییە یەکسان دەبێت کە هەردوو هەڵبژاردە سەردەکەون بۆ قۆناغی پێش کۆتایی. بەڵام بەداخەوە شێوازی یاریکردن‌و گۆڕانکاری لە پێکهاتەی هەڵبژاردەی عێراق کاریگەرییەکی تەواوی هەبوو لەسەر یاریزانەکان. چونکە جەماوەرێکی زۆری عێراقییەکان لە دەرەوەی عێراق هاتبوون هانی ئەم هەڵبژاردەیان دەدا بۆ ئەوەی ئەم نازناوە بەدەست بهێنێت.

هۆکارەکانی دەرچوونی هەڵبژاردەی عێراق دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێك:

١-دانانی ناوبژیوانی ئیماراتی (عەلی حەمەد) لەم یارییەدا بووە هۆکارێکی سەرەکی لە بەردەم یاریزانەکان.

٢-راهێنەری هەڵبژاردەی عێراق (ئەکرەم سەلمان) بەرپرسی یەکەمە لە دەرچوونی هەڵبژاردەی عێراق.

٣-شێوازی یاریکردنی عێراق زۆر جیاوازبوو لەگەڵ یارییەکانی دیکە.

٤-یاری نەکردنی یونس مەحمود کاریگەری هەبوو بەڵام دەبوایە بەرپرسانی وەرزشی عێراق ئاگاداری ئەم یاریزانەیان بکردبایەوە هەندە زوو تووڕە نەبێ لەناو یاریگا، چونکە ناکرێت یاریزانێکی وەك یونس مەحمود لە دوو یاری کارتی زەرد وەربگرێت‌و یاری داهاتوو یاری نەکات.

٥-یەکێتی تۆپی پێی عێراق پێویستە پێداچوونەوەیەك بکات بە رەوشی وەرزش لە عێراق.

٦-زۆر لە یاریزانەکان لێدوانی تایبەتیان دەدا لەسەر راهێنەرو حوسێن سەعید سەبارەت بە یارییەکە بەرامبەر سعودیە، پێویستە بیرکردنەوەیەك بکەن بە لێدوانەکانی یاریزانەکان.

بەڵام وادیارە گیروگرفتێکی زۆر هەبووە لە نێوان یاریزانان "رەزاق فەرحان‌و عیماد محەمەد" بەرامبەر راهێنەر ئەکرەم سەلمان‌و حوسێن سەعید، ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر ئاستی یاریزانەکان.

یەکێك لە هۆکارەکانی دەرچوونی هەڵبژاردەی عێراق ئەوەبوو ناوبژیوانی ئیماراتی (عەلی حەمەد) کە لێدانی سزای لە دژی عێراق گرت بووە هۆی مالئاوایی کردن.

پاش دور رۆژ لە دوای یارییەکە، بەرپرسانی پاڵەوانێتی کەنداوی ١٨ برپاریاندا ناوبژیوانی ئیماراتی (عەلی حەمەد) دوور بخرێتەوە لەم پاڵەوانێتیە لەبەر ئەوەی بووە هۆی دەرچوونی هەڵبژاردەی عێراق لەم پاڵەوانێتییە.

چەند تێبینیەك لەسەر یاری نێوان هەڵبژاردەی عێراق‌و سعودیە

مەسعود بابان

بێگومان وەرزش بەم شێوەیە هاتووە کە دەبێت سەرکەوتن‌و دۆڕانی تێدا هەبێت بەڵام زۆر جار پێشبینیەکان بە ناراستەکیەدا دەڕوات کە چاوەڕوان ناکرێ وەك ئەوەی لە یاری نێوان هەڵبژاردەی عێراق‌و سعودیە رویدا بۆچوونەکانی پسپۆڕانی وەرزشی وا چاوەڕوان دەکرا کە هەڵبژاردەی عێراق نزیکترین هەڵبژاردەیە کە دەتوانێت پاڵەوانێتیە کە لە بەرژەوەندی خۆی مۆگەر بکات، بەڵام یارییەکە وای دەرخست کە بەبێ چەواشەی بۆچوونەکان بە سەرکەوتنی هەڵبژاردەی سعودیە تەواوبوو ئەگەرچی هەڵبژاردەی سعودیە لە یاری دواییدا مالئاوایی کرد بەڵام ئەو هۆکارانەی کە بوونە هۆی دەرچوونی هەڵبژاردەی عێراق دۆڕانی بەرامبەر بە هەڵبژاردەی سعودیە کەوتە دەستی راگەیاندنەکان هەر مەیدیاو بە شێوازێك هۆکارەکانیان دەگوازتەوە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە لە کوردستان قسەوباسێکی زۆری لەسەر بکرێت ئەگەرچی دەست نیشانکردنی هۆکارەکان ئەوەندە ئاسان نییە دەستنیشان بکرێت بەڵام لایەنی نێگەتیڤەکەی دەرکەوت کە تا چەند هۆکارەکان دەستنیشان دەکات ئەوەی من کە باسی لێوە دەکەم چەند هۆکارێکن لە وانەی خوارەوە خۆی دەدۆزرێتەوە.

١-هۆکاری سەرەکی ناوبژیوان (عەلی حەمەد) بوو کە بووە هۆی دەرچوونی هەڵبژاردەی عێراق ئەمەش لەبەر چاوان دیاربوو کە لە چ ئاستێکدا بووە.

٢-هۆکارێکی دیکە ئەو بارە دەروونییە کە بەسەر خەڵکی عێراق داهاتووە نەتوانراوە کۆنترۆڵ بکرێت رووخساری خۆی بەسەر هەموو یاریزانەکانەوە دیاربوو.

٣-یەرتان نەچێت لە دوای ساڵی (٦٠) ەکانەوە وەرزش لە عێراق خۆی بە شێوازێکی دیکە دۆزیەوە، تاکە کەسە زاڵ بووە بەسەر وەرزش ئەك بەرەو پێشبردنی وەرزشدا ئەمەش لە رابردوودا دیارە ئێستا رۆڵی خۆی هەیە.

٤-خۆئامادەنەکردنی هەڵبژاردەی عێراق بۆ تەواوکردنی مەشق‌و راهێنان بەهۆی ئەم بوارە ئاسایشەی کە لە عێراق لە ئارادایە.

٥-باری دارایی دابینکردنی هەموو پێداویستییەکان.

٦-یاری نەکردنی یاریزانە سەرەکییەکان ئەمەش لە شێوەی یاریزان یونس مەحمود کە بەهۆی وەرگرتنی کارتی زەرد لە یارییەکانی پێشوو رێکخستنی ئەو یاریزانە لەلایەن دەستەی راهێنەرانی عێراق سارد کردنەوەی لە دەمارگیری هەڵچوون کەپیشەی راهێنەرانە.

٨-هۆکارێکی دیکە ئەوەبوو کە راهێنەر ئەکرەم سەلمان وەك پێویست نەبوو بیری لە زۆر شت نەکردبۆوە کە یاری گۆڕین رووەدەات لە شێوەی سەرکەوتنی هەڵبژاردەی بەحرێن.

٩-کێشەو گرفتەکان لە نێوان هەندێ یاریزان هەبوو کە راهێنەر نەیتوانیبوو کۆنترۆڵی بکات.

ئەوەی ماوە ئامـاژەی بـۆ بکـەین ئەمە هەڵەیەو لە ئایندەدا دەتوانرێت چارەسەر بکرێت هەڵبژاردەی ناوبراو بەخۆدا چوونەوەیەکی ورد بکات ئەگەرنا هەڵبژاردەی عێراق بە یەکێ لە هەڵبژاردە باشەکانی کەنداو دادەنرێت دەتوانێت دڵی وەرزشکارانی عێراق شاد بکات ئاستی بگەڕێتەوە ئاستی جاران خۆی ئامادە بکات بۆ پاڵەوانیەتیەکانی دیکە کە چاوەڕێ دەکات.

لە کۆتایی مانگی دادێت رۆبێر پێرس یاری دەکاتەوە

یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی فەرەنسا و یانەی ڤیەریالی ئیسپانی بە رۆژنامەی (مارکا)ی وەرزشی راگەیاند کە ئەو لە کۆتایی مانگی دادێ دەست بەیاریکردن لەگەڵ یانەکەی دەکاتەوە، هەروەها ناوبراو دەربارەی یانەی ئەرسنال کە پێشتر بۆ چەند ساڵێك یاری لێکردووە گوتی: هەرگیز ئەو رۆژانە لە یاد ناکەم کە لە ریزی ئەرسنالدا یاریم کردووەو زۆر لە نهێنییەکانی تۆپی پێ لە ئارسین ڤینگەری راهێنەری ئەرسنال فێربوومە.. لە کۆتاییدا دوای تەواوبوونی بۆندەکەم لەگەڵ یانەی ڤیەریال بە دووری نازانم بچمە یەك لە یانەکانی ولاتی پورتوگال، کە ئەمەش خۆزگەیەکی باوکمە.. جێی باسە پێرس بە رەگەز خەڵکی ولاتی پورتوگالەو لە مانگی (٨)ی ساڵی پارەوە تورشی پێکان هاتووە..

ئەدریانۆ گەڕایەوە ریزی هەڵبژاردەی بەرازیل

دۆنگای راهێنەری هەڵبژاردەی بەرازیل بە کەنالی (Gloobo)ی تەلەفزیۆنی راگەیاند، کە دەرگا والایە بۆ هاتنەوەی ئەدریانۆ بۆ ریزی هەڵبژاردەی بەرازیل.

هەروەها دۆنگا گوتی: بە چاکی ئاگام لە ئاستی بەرزی ئەدریانۆ هەیە لەگەڵ یانەی ئەنتەرمیلانداو بە فەرمی بانگهێشتی ریزی هەڵبژاردەمان کردەوە..ئەوە ماوە بیلێین ئەدریانۆ بۆ چەند مانگێك تووشی پێکان‌و حاڵەتی دەروونی بوو، کە ئەمەش وای لە راهێنەری هەڵبژاردەی سامباکرد بانگهێشتی ریزی هەڵبژاردەی نەکات، بەڵام ئەوا بۆ دوو مانگێك دەچێت ناوبراو گەڕاوەتەوە یاریکردن لەگەڵ یانەکەی‌و ئاستێکی بەرچاوی نیشانداوە.. لە یاری بەرازیل‌و پورتوگال کە لە ٦ی شوبات ئەنجام دەدرێ، رەنگە ناوبراو یاری بکات.

کلاوس ئۆگنتالەر بۆندەکەی بەبێ دوو دڵی نوێ کردەوە



ئەستێرەی پێشووی هەڵبژاردەی ئەڵمانیار راهێنەری ئێستای یانەی (فولسبۆرگ)ی ئەڵمانی کلاوس ئۆگنتالەر، بۆندەکەی تا ساڵی ٢٠٠٩ لەگەڵ یانەی فولفسبۆرگ نوێ کردەوە..

شیاوی باسە ئۆگنتالەر لە ساڵی (٢٠٠٥) وە بۆتە راهێنەری ئەم یانەیەو توانیویەتی بەرەو ریزی پێشەوەی خولی ئەڵمانیای بێنێت کە بە (بۆندیس لیگا) دەناسرێت، پێشتریش راهێنەری یانەی بایرەن لیڤرکوزن بوو.. لەم بارەیەوە ئۆگنتالەر بە کەنالی (sport)ی راگەیاند کە ئەو بەبێ دوو دڵی بۆندی لەگەڵ یانەکەی نوێ کردەوە، سەرەڕای ئەوەی چەندین یانەی ناودارتر لە فولفسبۆرگ ئامادەبوون بۆندی لەگەڵدا مۆربکەن..

ئا: سێنارەیی

لێرەو لەوێ

میژووی یانەکانی ئیسپانیا

ئا| مسعود بابان

ریال مەدرید

دامەزراندن: ١٩٠٢

شار: مەدرید

یاریگا: سانتیاگۆبێرنابێو کە شوێنی زیاتر لە ٩٠ هەزار هاندەر دەبێتەوە.

باشترین پلەی خول: ٢٩ جار خولی ئیسپانیای بەدەست هێناوە (٩) جار خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا.

ئەستێرەی دیار: کاسیاس‌و رائوول‌و رۆبۆرتۆ کارلۆس‌و هتد..

یاریزانی تازە: فابیۆ کانافارۆ، ئیمرسون

یاریزانی رۆیشتوو: زێنەدین زێدان

ڕێگای کوردستان

خاوەنی ئیمتیاز
کەمال شاکر

سەرنووسەر:
هەندرێن ئەحمەد
handren88@yahoo.com
Mobil: 0750 4472264
Tel: 0662225147
0662514312

جێگری سەرنووسەر
ئاسۆ جەلال
Asojalal@yahoo.com
Tel:0662220536
Mobil: 07504485724

کاری هونەری و نەخشەسازی
نەبەز مستەفا
Nabaz_77@hotmail.com
Tel: 4492282

نرخی (٥٠٠) دینارە

ئاگاداری . . . . ئاگاداری . . . . ئاگاداری . . . . ئاگاداری . . . . ئاگاداری . . . . ئاگاداری . . . . ئاگاداری . . . .

بەرێوبەرایەتی گشتی تۆمارگەی خانوویەرە
تێبینەرایەتی تۆمارگەی خانوویەرەی دهۆك
بریاری چەسپاندنی خاوەنداریەتی خانوویەرە
پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەنداریەتی تایبەت بە خانوویەرەی زێجیرە (٣٢٤٤ / ١) لە گەڕەکی (٨٦ بنصلاوە) لە ریکەوتی ١٥/ ١ / ٢٠٠٧ وە دەرئەنجام ئەو لیکۆڵینەوەی لێی کراوەو بەپێی دەسەلاتی مادەی (٤٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانوویەرە ژمارە (٤٣)ی ساڵی ١٩٧١ی هەموار کراو پێی داوم بریارمدا خاوەنداریەتی تەواوی خانوویەرەی دیاری کراو بەناوی(سەروکایەتی شارەوانی هەولێر) بچەسپێ‌و ئەم بریارەش بەپێی مادەی (٤٩)ی یاسای نادیراو بۆ ماوەی (٣٠) سی رۆژ بڵاوبکرێتەوە.
سەروکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی
دادوەری بەرایی دهۆك هەولێر
دادوەر/ فریدون عبدالله محمد شفیق

سەروکایەتی دادگای تیهەڵچونەوەی ناوچەی کرکوك
دادگای بەرایی کۆیە
ژمارە: ١٦ / ب / ٢٠٠٧
بەروار: ٢٣ / ١ / ٢٠٠٧
ئاگاداری
داوالیکراو / بەرێوبەری رەگەزنامەو باری شارستانی (کۆیە)
وێرای کارەکەی
داوکار(نژاهەت صالح طاهر) داوای ژمارە (١٦ /ب / ٢٠٠٧) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر بەرێوبەری رەگەزنامەو باری شارستانی (کۆیە) وێرای کارەکەی بۆ گۆڕینی ناوی (خۆی) لە (نژاهەت) بۆ (خەرمان) وە پشت بەستی بەمادەی (٢١) لەیاسای باری شارستانیتی ژمارە (٩٥)ی ساڵی ١٩٧٢ ی راستکراوە، دادگا بریاریدا بەبڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە هەر کەسێك زەرەرمەندە لەم ناو گۆڕینە با بەپەیوەندی بکات بەم دادگایە لەماوەی (١٠) دە رۆژ لەدوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە بەپێچەوانەوە داخوازیەکە بە گوێرەی یاسا ساغ ئەکرێتەوە.
دادوەر
شوان صابر اسعد

بەرێوبەرایەتی گشتی تۆمارگەی خانوویەرە
تێبینەرایەتی تۆمارگەی خانوویەرەی دهۆك
بریاری چەسپاندنی خاوەنداریەتی خانوویەرە
پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەنداریەتی تایبەت بە خانوویەرەی زێجیرە (٩١٨ / ١) لە گەڕەکی (٨٦ بنصلاوە) لە ریکەوتی ١٥/ ١ / ٢٠٠٧ وە دەرئەنجام ئەو لیکۆڵینەوەی لێی کراوەو بەپێی دەسەلاتی مادەی (٤٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانوویەرە ژمارە (٤٣)ی ساڵی ١٩٧١ی هەموار کراو پێی داوم بریارمدا خاوەنداریەتی تەواوی خانوویەرەی دیاری کراو بەناوی(شکریە سفر هرزان) بچەسپێ‌و ئەم بریارەش بەپێی مادەی (٤٩)ی یاسای نادیراو بۆ ماوەی (٣٠) سی رۆژ بڵاوبکرێتەوە.
سەروکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی
دادوەری بەرایی دهۆك هەولێر
دادوەر/ فریدون عبدالله محمد شفیق

بەرێوبەرایەتی گشتی تۆمارگەی خانوویەرە
تێبینەرایەتی تۆمارگەی خانوویەرەی دهۆك هەولێر
بریاری چەسپاندنی خاوەنداریەتی خانوویەرە
پشت بە کۆنووسی چەسپاندنی خاوەنداریەتی تایبەت بە خانوویەرەی زێجیرە (٥٨١٢ / ١) لە گەڕەکی (٨٦ بنصلاوە) لە ریکەوتی ١٥/ ١ / ٢٠٠٧ وە دەرئەنجام ئەو لیکۆڵینەوەی لێی کراوەو بەپێی دەسەلاتی مادەی (٤٨)ی یاسای تۆمارکردنی خانوویەرە ژمارە (٤٣)ی ساڵی ١٩٧١ی هەموار کراو پێی داوم بریارمدا خاوەنداریەتی تەواوی خانوویەرەی دیاری کراو بەناوی(سەروکایەتی شارەوانی هەولێر) بچەسپێ‌و ئەم بریارەش بەپێی مادەی (٤٩)ی یاسای نادیراو بۆ ماوەی (٣٠) سی رۆژ بڵاوبکرێتەوە.
سەروکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی
دادوەری بەرایی دهۆك هەولێر
دادوەر/ فریدون عبدالله محمد شفیق